**بەش: زانستە کۆمەڵایەتیەکان**

**کۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەت**

**زانکۆ: سەلاحەددین – هەولێر**

**بابەت: جوگرافیای مرۆیی**

**پەرتووکی کۆرس: (ساڵی ٤)/ پۆلی چوارەم**

**ناوی مامۆستا: م.ی. سەنگەر آحمد حسێن**

**ساڵی خوێندن: (٢٠٢٣-٢٠٢٤)**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | جوگرافیای پیشاسازی و ووزە |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | م.ی. سەنگەرأحمد حسێن |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زانستە کۆمەلأیەتییەکان |
| ٤. پەیوەندی | ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٦٠٣٨٠٨ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: ٣<br>پراکتیک: نییە |
| ٦. ژمارەی کارکردن | 12 کاژێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| | هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا/ حوزەیرانی ٢٠٠٩/ هەلگری بڕوانامەی ماستەر لە ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا/ تەموزی ٢٠١٥/ . |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | جوگرافیا/ جوگرافیای پیشاسازی و ووزە/ جێگیربوونی پیشەسازی / پۆلێن کردنی پیشەسازی/ووزە ووزە نا نوێبووەکان (نەوت–گازی سروشتی– خەلّوزی بەردین) / ووزە نوێبووە (Renewable Energy ) (ووزە خۆر – ووزەی با – ووزەی کارۆئاوی) |

١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

لە سالّی خوێندنی (٢٠١٨–٢٠١٩) هەولّ ئەدەین بابەتەکانی پەیوەست بە جوگرافیای پیشاسازی و ووزە بۆ قوتابیان روون بکەینەوە، کە دابەشی دەکەین بۆ دوو بەشی جیاواز و سەرەکی ئەوانیش :

یەکەم: پیشاسازی

دووەم: ووزە

یەکەم: پیشاسازی/ ئەویش لە پێنج بەشی سەرەکیدا کۆبۆتەوە، بەشی یەکەم تایبەت دەبێت بە ناساندی جوگرافیایی پیشاسازی و ووزە گرنگکەی.

بەشی دووەم تایبەت دەبێت بە جێگیربوونی پیشەسازی (التواطن الصناعی ) هەروەها شیکردنەوەی فاکتەرەکانی جێگیر بوونی پیشەسازی.

لە بەشی سێیەمدا تیشك دەخەینە سەر شیکردنەوەی فاکتەرەکانی دابە شبوونی هەرێمی پیشەسازییەکان هەروەها شوێنی پیشەسازی و بیردۆزەکانی تیایدا دەخرێتەڕوو.جگە لە خستنەڕووی قۆناغەکانی پلاندانان بۆ شوێنی پیشەسازی.

لە بەشی چوارەم دێینە سەر باسکردنی جۆرەکانی هەرێمی دابەش بوونی پیشەسازی ، بەگشتی باسی ناوەندەکانی کۆبوونەوەی دانیشتوان و گیروگرفتەکانی دەکەین.

لە بەشی پێنجەم و کۆتاییدا باسی پۆلێن کردنی پیشەسازی

**بۆیە گرنگی خوێندنی ئەم کۆرسە لەوە دەردەکەوێت کەوا تیشك دەخاتە سەر جوگرافیای پیشاسازی و ووزە وەك لقێکی سەرەکی لەزانستی جوگرافیا .**

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

**گرنترین ئامانجەکانی خوێندنی ئەم کۆرسە بریتییە لەمانەی خوارەوە:**

**تێگەیاندن و تێگەیشتنی تەواوی قوتابیان لە ووردەکارییەکانی بابەتی پیشاسازی و ووزە، هەروەها تێگەیشتنی قوتابیان و ناسینیان بۆ ووردەکارییەکانی دەرکەوتنی پیشاسازی و دابەشبوونی ناوەندەکانی لەگەڵ خستنەڕووی بیردۆزەکانی دانانی شوێنی کارگەکان.**

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

**بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆرس بووکەکە بە باشترین شێوەو تێگەیشتنی قوتابیان بۆ گرنگترین بابەتەکان و تیۆرەکانی جوگرافیای پیشاسازی و ووزە ، پێویستە قوتابی لە کاتی وانەکاندا بەبێ دواکەوتن ئامادەبێت، و لەناو هۆڵی وانەووتنەوەدا پێویستە پابەندی پاراستنی هێمنی ناو هۆڵەکە بێت، و ئاگاداری مامۆستا بن و ئەرکەکانی ڕۆژانەیان بەجێ بگەیەنن، لەگەڵ نووسینەوەی تێبینی و پرسیارو وەڵامەکانی مامۆستای وانە، و ئامادەکردنی سیمینارو پێیپەرو ڕاپۆرت لە کاتی داواکردنیان لە لایەن مامۆستای وانەوە بۆ بابەتێکی دیاریکراوی ئەم کۆرسە، وە پێویستە قوتابیان ئامادەباشی بەردەوامیان هەبێت بۆ تاقیکردنەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە، وەك تاقیکردنەوەی زارەکی و نووسراو و (Quiz)، و تێست و تاقیکردنەوەی دیکە.**

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

**بەکارهێنانی ڕێگە جۆراوجۆرەکانی وانەووتنەوە، بەپێی بابەتی پەیوەندار، وەك ڕێگەی محازەرە، وڕێگەی گفتوگۆی داخراوو کراوە، و ڕێگەی دیالۆگ، و شیکردنەوە، سەرباری بەکارهێنانی ئامێری داتاشۆ (Data Show)، لەگەڵ تەختە سپی بۆ روونکردنەوەی داتاو چەمك و نموونەی پەیوەست بە بابەتی جوگرافیای مرۆیی و ووردەکارییەکانی. هەروەها پشت بەستن بەو نەخشەو وێنانەی پەیوەستن بە بابەتەکانی خوێندنی لەگەڵ وێنەو کلیپی ڤیدیۆیی کە ووردەکارییەکانی بابەتی باسکراو لە ناو هۆڵی وانەووتنەوەدا لەخۆ دەگرن بە مەبەستی روونکردنەوەیان. ئەمە سەرباری چاپکردنی هەندێك بابەت و ووردەکاریی بە زمانی کوردی وەك ئەوانەی لە داتاشۆ دەخرێنە روو و دابەش کردنیان وەك هاندئاوتی بەرنامەی پاوەر پۆینت بەسەر قوتابیاندا تاوەکو زیاتر سوودی لێوەرگرن.**

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**نمرەی تەواوی قوتابی لەسەر بنەمای (١٠٠) نمرە دەبێت و بۆ دەرچوون پێویستە قوتابی بەلای کەم (٥٠) نمرە بەدەست بهێنێت، ئەم سەد نمرەیەش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:**

**(٤٠) نمرە بۆ کۆششی سالآنە، کۆی (٦٠) نمرە دەکرێت، کە بریتییە لە نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ.**

**نمرە کۆششی سالآنەش لە دوو تاقیکردنەوەی مانگانە هەژمار دەکرێت (١٥ نمرە بۆ هەر تاقیکردنەوەیەك) ئینجا لەگەڵ (١٠) نمرە کۆششی ڕۆژانە کۆدەکرێتەوەو کۆی گشتی دەکاتە (٤٠) نمرە.**

**نمرەی کۆششی ڕۆژانەش (کە بریتییە لە ١٠ نمرە)، لەسەر پێوەری ئامادەبوونی قوتابی و بەشداریکردنی لە ناو هۆڵی وانەوتنەوەدا و مەودای ئەکتیڤ بوونی هەژمار دەکرێت، و (٣) سێ نمرەش یان زیاتر دەخرێتە سەر ئامادەکردنی قوتابی بۆ سیمینار، ووتار، ڕاپۆرت، کە لە لایەن مامۆستای وانەوە لێیان داوا دەکرێت.**

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی خوێندنی بریتی دەبێت لە فێربوون و تێگەیشتنی قوتابی بۆ چەمکە گرنگەکانی بابەتی جوگرافیای**

| |
|---|
| **پیشاسازی و ووزە ، بۆ ئەوەی لە دوا رۆژداو لە دوای دەرچوونی لە قۆناغی بەکالۆریۆس پشت ئەستور بێت بە زانیارییانەی لەم کۆرسەدا دەستی کەوتوون لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە بە بوارەکانی جوگرافیای پیشاسازی و ووزە لە رێگەی بەکارهێنانی زانیارییەکانی تایبەت بە بەم زانستە ، و شیکردنەوەی رووداوەکان و هەنگاوەکانی ئاییندەو زیاتر سوود لێوەرگرتنیان لە ژیانی رۆژانەو پراکتیکیدا و ئامادەکردنی کادیری لێهاتوو ە بوارەکانی جوگرافیا بەگشتی و وانەووتنەوەو توێژینەوەی جوگرافیی بەشێوەیەکی تایبەت.** |

**١٦. لیستی سەرچاوە**


- ١- فؤاد محمد الصقار ،محمد رشيد الفيل ،الجغرافية البشرية .
- ٢-عبد الفتاح محمد وهيبة ،جغرافية السكان.
- ٣-فيدال دي لابلاش ، ترجمة شاكر خصباك ، أصول الجغرافية البشرية .
- ٤- د.حسام الدين جاد الرب ، الجغرافية البشرية ، ١٩٩٤
- ٥- يسري الجوهري، المضمون البشري في الجغرافيا، ١٩٩٩.
- ٦- فتي محمد المصيلحي ، الجغرافيا البشرية، ٢٠٠١
- ٧- د. فتحى محمد ابو عيانة،اسس علم الجغرافيا الطبيعية والبشرية.
- ٨- د.ابراهيم احمد سعيد، أسس الجغرافية البشرية و الجغرافية الاقتصادية .
- **9- Paul Cloke, Introducing Human Geographies, , 2013.**
- **10- Jerome D. Fellmann, Human Geography, University of Illinois, Urbana-Champaign,2014.**


- **سەربارى چەندين سەرچاوەی تر لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت.**

| **١٧. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| بەشی یەکەم: پێناسەی جوگرافیا **پیشاسازی و خستنەڕووی گرینگی و تایبەتمەندییەکانی** کە ئەم باشەنە لەخۆ دەگرێت.<br>١- جوگرافیای پیشەسازی و پەرەسەندنی<br>٢- جێگیربوونی پیشەسازی<br>٣- شوێنی پیشەسازی و بیردۆزەکانی<br>٤- جۆرەکانی هەرێمی دابەش بوونی پیشەسازی<br>٥- پۆلێن کردنی پیشەسازی<br><br>بەشی دووەم: پێناسەی جوگرافیا **ووزە و خستنەڕووی گرینگی و تایبەتمەندییەکانی** کە ئەم باشەنە لەخۆ دەگرێت.<br>١- ناساندنی وزە و گرینگیەکەی و پۆلێنکردنی<br>٢- جۆرەکانی ووزە -سروشتی و ناسروشتی<br>أ- نەوت+گاز+خەلوزی بەردین<br>ب- خۆر+ئاو+با<br>٣- ئەتوم+هایدروجین+ئۆقیانووسەکان<br>٤- وزەی گەرمی ناخی زەوی | |

| | |
|---|---|
| | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| نییە. | |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**١. دارشتن:**

مەبەست چییە لە بیردۆزی ئەندامی ؟ ئەمە ڕوون بکەوە.

٢- جیاوازی چییە لە نێوان أ-خەڵوزی ئەنتراسایت (anthracite) و ب-خەڵوزی بیتومین**Bituminous** .

٣- بەکورتی باسی کاریگەری دەستی کار بکە لە جێگیربوونی ناوەندەکانی پیشاسازی.

**٤. هۆ:**

زۆربەی زانایان بناغەی و بنەرەتی نەوت دەگەڕێنەوە بۆ پاشماوەی مادە ئەندامیەکان؟

**٢٠. تێبینی تر**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**